دکتورسالح ئیبراهیمی



ئێمە فرە چین و بەرەن کە لە پێش ئەوانەدا بوون قڕ تێخستوون، لەمانەیش بەهێزتر بوون فرە ولاّتیان پشکنیون، ئاخۆ ئەوان هیچ دەرەتانیان بۆ رەخسا، تا خۆ رزگار بکەن؟ ﴿٣٦﴾ لەم قسەدا بۆ کەسانێ کە دڵزیندوو و ژیرە یا باشی گوێ لێدەگرێ و بیریشی هەر لە لایەتی دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و پەند وەرگرتن ﴿٣٧﴾ ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەواندایە لە شەش رۆژ (دەوران)دا خوڵقاندمان و رەنج و شەکەتی و ماندوو بوونێکیشمان پێ نەگەیی ﴿٣٨﴾ جا لە راست ئەوەی ئەوانە دەیڵێن خۆراگر بە و پاکی و بێخەوشی پەروەرێنەرت بەر لە گزینگی تاوهەلاّت و بەر لە خۆرئاوا بلێ ﴿٣٩﴾ لە بەشێ لە شەو دوای هەر سوژدەیەک پەسنی پاکی خوا بلێ ﴿٤٠﴾ گوێ رابگرە (و چاوەنوار بە) رۆژێک کە جارچی لە شوێنێکی نێزیکەوە هاوار دەکا و جار دەکێشێ ﴿٤١﴾ رۆژێ کە ئەو هاوارە بە هەق دەبیسن، ئەو رۆژە رۆژی هاتنە دەرەوەیە (لە گۆڕ) ﴿٤٢﴾ هەر ئێمەین کە زیندوو دەکەینەوە و دەمرێنین و گەڕانەوەیش تەنیا بۆ لای ئێمەیە ﴿٤٣﴾ رۆژێ کە زەوی لەوان دەم ئەکاتەوە و بە تاڵووکە دێنە دەرێ، ئەم کۆ کردنەوە بۆ ئێمە ئاسانە ﴿٤٤﴾ ئێمە بەوەی کە دەیڵێن ئاگاترین و تۆ بەسەر ئەواندا زاڵ نیت، جا هەرکەس لە بەڵێنی ئازاردانی من دەترسێ بە قورئان پەندی بدە ﴿٤٥﴾

## سوورەی زاریات ٦٠ ئایەتە

**سوورەی زاریات لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٦٠ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بەو بایانەی دەتوانن بلاو بکەنەوە کە هەور (و خۆڵ و خاک و تۆی گژوگیا) دێنێ و دەبا ﴿١﴾ سوێند بەو هەورانەی گرانبارن کە باری قورس (ی باران) هەڵدەگرن ﴿٢﴾ سوێند بەوانەی (کەشتیگەلێ) کە بە ئاسانی دەڕۆن ﴿٣﴾ سوێند بە پەریگەلێ کە کار دابەش دەکەن ﴿٤﴾ (سوێند بە هەموو ئەوانە) ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە راستە ﴿٥﴾ رۆژی جەزا (و سزای کردەوە) هاتنییە (و هەر دێ) ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



سوێند بە و ئاسمانەی ڕێڕێیە (و شەپۆلان دەدا) کە ڕێگە (ی ستێران)ە ﴿٧﴾ قسەتان یەکتر ناگرێتەوە ﴿٨﴾ لەوە (قورئان) کلا دەبێ ئەو کەسەی کە کلا کرابێ ﴿٩﴾ دەک بەکوشت چن ئەوانەی درۆ نەخشێنن ﴿١٠﴾ ئەوانەی کە لە نەزانی و بێئاگاییدا ڕۆچوون ﴿١١﴾ (بە گاڵتە) دەپرسن ڕۆژی دین (جەزا و سزا) کەی دێ؟ ﴿١٢﴾ ڕۆژێکە، ئەوان لەسەر ئاگر دەسووتێنرێن ﴿١٣﴾ (پێیان دەوترێ:) عەزاب و ئازاری خۆتان بچێژن، ئەمەیە ئەوەی تاڵووکەتان بۆ دەکرد ﴿١٤﴾ خۆپارێزان لە نێو بەهەشت و لەسەر کانیاون ﴿١٥﴾ وەردەگرن ئەوەی کە پەروەرێنەریان پێیان ئەدا، چونکە بەر لەمە (لە دنیا) لە چاکان بوون ﴿١٦﴾ شەوانە کەمتر دەخەوتن ﴿١٧﴾ لە بەرەبەیاناندا داوای لێخۆشبوونیان لە خوا دەکرد ﴿١٨﴾ لە ماڵ و سامانیان بەشێ بۆ هەژاران و (: خوازەلۆک و گەدا) و بێبەشان هەیە ﴿١٩﴾ بۆ یەقینداران لە زەویدا نیشانە و پەندگەلێ هەیە ﴿٢٠﴾ هەروەها لە نێو وجوودی خۆیشتاندا (نیشانە هەیە)، ئایا نابینن (و بیر ناکەنەوە) ﴿٢١﴾ ڕسق و ڕۆزی ئێوە و ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە لە ئاسماندایە ﴿٢٢﴾ سوێند بە پەروەرێنەری ئاسمان و زەوی کە ئەم قسە ڕاستە، هەروەکوو بۆ خۆتان داخێون ﴿٢٣﴾ ئایا باسی میوانە بەرێزەکانی ئیبراهیمت بۆ هاتووە؟ ﴿٢٤﴾ ئەودەمەی کە چوونە لای، جا وتیان: سەلام، ئەویش وتی: سەلام، (بۆ من) کەسانێ نەناسراون ﴿٢٥﴾ بە پەنامەکی و نهێنی چووە لای خاووخێزانی و گوێرەکەیەکی قەڵەوی (بە برژاوی و کولیوی بۆ ئەوان) هێنا ﴿٢٦﴾ لە نێزیک ئەوان داینا (بەڵام لێیان نەخوارد)و تی: لەبەرچی ناخۆن؟ ﴿٢٧﴾ لە دڵدا ترسا، وتیان: مەترسە (ئێمە ڕەوانەکراوی خوای تۆین) و بە کوڕێکی زانا مزگێنییان پێدا (کە خوا کوڕی زانات پێ ئەدا) ﴿٢٨﴾ لەو دەمەدا ژنەکەی بە هاوار هاتە پێشێ و پوکاوڵ و چەمۆڵەیەکی لە خۆی نا و وتی: (ئەیەڕۆ کوڕم دەبێ خۆ) من پیرێژنێکی نەزۆکم، بێزگوزام ﴿٢٩﴾ وتیان: وایە، پەروەرێنەرت وای فەرمووە، ئەو خۆی کارزانی فرە زانایە ﴿٣٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



(ئیبراهیم) وتی: ڕاسپاردەی ئێوە (کارتان) چییە ئەی ڕەوانەکراوان (ی خوا)؟ ﴿٣١﴾ وتیان: بەڕاستی بۆ سەر هۆزێکی تاوانباران نێردراوین ﴿٣٢﴾ تا گزمووڵە (کلۆگڵی) خڕی لە قوڕی ڕەق و حوشکی وەک بەردیان بەسەردا ببارێنین ﴿٣٣﴾ کە لە لایەن پەروەرندەت هەموو نیشانە لێدراون و دیاریکراون، ئەمە بۆ زیادەڕۆیان و لە ئەندازە لادەرانە ﴿٣٤﴾ ئێمە بڕوادارانێ کە لەوێ (شاری هۆزی لووت)دا بوون (بەر لە هاتنی بەڵا) بردمانە دەرێ ﴿٣٥﴾ تەنیا ماڵێک نەبێ، لەوێ خواناسمان دەس نەکەوت ﴿٣٦﴾ لەو (شارە بەڵا لێدراوە) دا نیشانەیەکی ڕوونمان بۆ کەسانێ کە لە عەزابی دەرداوی ئەترسان بەجێهێشت ﴿٣٧﴾ لە (ژیانی) مووسادا (نیشانە و پەند هەیە)، ئەودەمەی کە بە بەڵگەی ئاشکراوە ناردمان بۆ لای فیرعەون ﴿٣٨﴾ ئەو (فیرعەون) بە تەواوی بوون و لەشیەوە ڕووی لەو (مووسا) وەرگێڕا و وتی: (مووسا) جادووگەرە یا شێتە، لێوەیە ﴿٣٩﴾ جا ئێمە ئەو (فیرعەون) و لەشکرکەی ئەومان گرت و تووڕمان هەڵدانە نێو زەریاوە، هەر ئەو شیاوی گلەیی و لۆمە کردن بوو ﴿٤٠﴾ هەروا لە چارەنووسی هۆزی عادیشدا (نیشانە و پەند هەیە) لەودەمەی وا گڕەبا و گژەبایەکی نەزۆک (بێبەر)مان ناردە سەریان ﴿٤١﴾ ئەو بایە بەسەر هیچ شتێکدا تێنەدەپەڕی مەگەر ئەوەی کە وەک پێشە و ئێسکی وشکی پوواوی لێدەکرد و بەجێی دەهێشت ﴿٤٢﴾ هەروا لە چارەنووسی هۆزی سەموودیشدا (نیشانە و پەند هەیە) لەو سەردەمەی کە پێیان وترا: بۆ ماوەکی کەم (لە ژینی دنیا) لەزەت ببەن تا کاتی خۆی ﴿٤٣﴾ ئەوانە لە فەرمانی پەروەرێنەریان ملیان بادا، جا برووسکە ئەوانی گرت، لە کاتێکدا (زەق زەق) دەیانڕوانی ﴿٤٤﴾ ئەوانە وەها کەوتن کە وزەی ڕاستبوونەوەیان بۆ نەما و نەیانتوانی یارمەتیش بخوازن ﴿٤٥﴾ هەروا هۆزی نووحیشمان بەر لەوان تیا برد، چونکە هۆزێکی نافەرمان و خراپ بوون ﴿٤٦﴾ ئاسمانمان بە هێزەوە بینا نا و پەرە پێدەری ئەویشین ﴿٤٧﴾ زەویمان ڕاخست، چەن ڕاخەری چاکین ﴿٤٨﴾ لە هەر شتێ دوو لفمان خوڵقاند تا بەڵکوو بیر بکەنەوەو پەند بگرن ﴿٤٩﴾ بەرەو لای خوا ڕابکەن، لە لایەن ئەوە و بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٥٠﴾ بێجگە لە زاتی خوا شتێتر بە خوا مەزانن من بۆ ئێوە لە لایەن خواوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بەر لەمانەیش هەروا بووە؛ هەرکاتێ پێغەمبەریکیان بۆ هاتووە وتوویانە: جادووگەرە یا شێتە و لێوەیە ﴿٥٢﴾ ئایا بۆ ئەم کارە بە یەکتریان ڕاسپاردووە؟ نا، بەڵکوو خۆیان هۆزێکی یاغی و ملبادەرن ﴿٥٣﴾ جا کەوایە وازیان لێ بێنە و ڕوویان لێ وەربگێڕە، تۆ بۆ لۆمە و سەرکۆنە کردن نابی ﴿٥٤﴾ بخەرەوە بیر و ئامۆژگاری بکە، ئامۆژگاری سوود بە بڕواداران دەگەیێنێ ﴿٥٥﴾ من جنۆکە و بەرەی مرۆم بۆیێ دروس کرد تا بمپەرستن ﴿٥٦﴾ ڕۆزیم لەوان ناوێ و نایشمەوێ خۆراکم بدەنێ ﴿٥٧﴾ هەر خوایە ڕسق و ڕۆزیدەر و خاوەن هێز و قودرەت ﴿٥٨﴾ بۆ ئەو کەسانە بە تاوان کردن غەدریان لە خۆیان کردووە، هەروەک تاوانی یار و هاوباوەڕانیان بەشێ لە جەزرەبەی گەورەیان لە ڕۆژی بەرێدا بۆ هەیە جا ئیتر پەلەم لێ مەکەن ﴿٥٩﴾ واوەیلا بۆ خوانەناسان بۆ ئەو ڕۆژەیان کە بەڵێنیان پێدراوە ﴿٦٠﴾

## سوورەی توور ٢٩ ئایەتە

### سوورەی توور لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٩ ئایەتە.

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە کێوی توور ﴿١﴾ سوێند بە کتێبێ کە نووسراوە ﴿٢﴾ لە پێستێدا بڵاو بۆتەوە ﴿٣﴾ سوێند بە ماڵە ئاوەدانەکە (مەککە یا خانوویەک لە ئاسمان کە پەری شوکر و یادی خوا لەوێدا دەکەن) ﴿٤﴾ سوێند بەم بان و میچە بەرزکراوەیە (ئاسمان) ﴿٥﴾ سوێند بە زەریای لێواولێو لە ئاگر کە لە کوڵین و بڵێسەداندایە ﴿٦﴾ کە جەزرەبە و عەزابی پەروەرێنەرت لە ڕوودانەدایە و دێ ﴿٧﴾ بۆ ئەو (عەزابە) بەرگریکەرێک نییە ﴿٨﴾ (ئەم عەزابی خوایە) لە ڕۆژێکدایە کە ئاسمان توند تێکەوە داوێ ﴿٩﴾ کێوەکان لە ڕۆیینداندا چ ڕۆیینێ ﴿١٠﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بە درۆخەرەوان (ی هەق و ڕۆژی پەسڵان) ﴿١١﴾ ئەوانەی کە لە قسەی پووچ و باتڵدا خەریکی کایە و گەمەن ﴿١٢﴾ ڕۆژێ کە ئەوانە بە زۆر و پاڵ پێوەنان و دەڵەکدان بۆ دۆژەه ڕادەکێشرێن ﴿١٣﴾ ئەوەتانێ ئەو ئاگرەی وا بە درۆتان دائەنا ﴿١٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi